

# حرس قومییەکانی ڕیفورندووم

## جەزا چنگیانی

حرس قومی ئەو کۆمەڵ چەکدارە بوون کە دوای کودەتای ساڵی 1963 بەعس بۆ کپکردنی دەنگی نەتەوەیە کوردەکان و کۆمۆنیستەکانی عیراق دروستی کردن.پاش ئەم تاقیکردنەوە دڕەندەیی بەعس جەلال تاڵەبانیش کۆمەڵی کەسی لە سلیمانی کۆکردەوە بۆ هەمان مەبەست واتە کوشتنی نەتەوەی و کۆمۆنیستە کورەدکان بەکارهێنان . دوای ڕاپەڕین و گۆڕانی چەرخی زەمانە و کردنەوەی کەمێك پەنجەرەی هەناسە بۆ بیرکردنەوە پەیڤین لە مەڕ ویستەکانی سەردەمی مرۆڤی کورد و گەشەکردنی بیری نەتەوەیایەتی و پرسیاری دەوڵەتی کوردی جەلال ترسی لە دەستدانی دەسەڵاتی لا دروست بوو چونکە دەیزانی ئەگەر ڕۆژێك نەتەوەیە کوردەکان بتوانن لە یەکەیەکی بتەودا کۆببنەوە و ببن بە خاوەنی ڕێکخراوێکی ڕەسەنی کوردی ئەوە یەکەم هەنگاو جەلال لەگۆرەپانی سیاسی وەلادەنرێ ودەبێ وەك صدام لە سەر هەڵەبجە و ئەندازیاری شەڕی درێژخایانی براکوژی بدرێتە دادگا .جا بۆ ئەوەی سەرەتای بیری نەتەوەی لە ووزەبخات زۆر هوشیارانە ڕێکخراوێکی دروستکرد لەوکەسانەی عاشقی ناودەرکردن بوون .بە ئاسانی وەك فیگۆرێکی کاریکاتۆری بەکاریهانین ( بەداخەوە ) برایانی هێژا شێرکۆ بێکەسی شاعیر و کاك هەڵکەوت عبدوالڵەی ڕۆژنامەنووس . بوون بە تەڵەی ناودەرکردنەوە ڕیکخراوێکی پێدروستکردن ئەمجارەیان بەناوی (ڕیفراندومەوە) وەك جەلالیەکانی کۆن بۆ لێدانی بیری نەتەوەی و پێشکەوتنخوازی بەگەڕیخستن .

(سیاسەت تەنیا قسە نیە بەڵکو پیادەکردنی بەرنامەیە ) جەلال بەمە هوشیار بوو . بۆیە هانیدان جەماوەری کوردی لە پرسیاری سەرەکی ڕۆژ ( یەکگرتنەوەی هەردوو دەسەڵاتەکە و دانانی دەستورێك و پرسی کەرکوك و دەستنیشانکردنی سنوری باشوری کوردستان ) دور بخەنەوە پرۆژەی ڕێفۆراندومی پێسپاردن .ماوەیەیکی گەلێك زۆر ئەم (حرس قەومیانە)( جەلالیە نۆیانە ) لە کوردستان و هەندەران خەڵکانێکی زۆریان

گەمژەکرد .بە پێی داخوازی جەماوەر ڕێژەی دەنگدان بۆ سەربەخۆی کوردستان گەیشتە 98٪ کەچی وا لە بەرچاوی میدیای هەموو دنیا و کوردستان لە دەستوری نۆی عیراقدا نەك مافەکانی میللەتی کوردی تێدا ترۆکراوە بەڵکو هەردوو سەرۆك ئیمزای داگیرکردنی باشوری کوردستانیان بۆ عیراقی عروبەکرد بووین بە بەشێك لە نەتەوەی عەرەب . تائیستا پاڵەوانە کاریکاتوریەکانی ڕیفوراندوم *... هیچ هەلۆیستێکیان نەنواند لە کاتێکدا دەبوایە هەر لە سەرەتای نوسینی دەستورەوە تا ئاشکراکردنی ڕۆژ بەڕۆژ چاودیری نووسینەوەیان بکردایە و هوشیاری و مۆڕاڵیان هێندە باڵا بوایە بەرامبەر بە گەلەکەیان نەیانهێشتایە ئاوا جەلال بازی بە میژوو وگەمە بەمۆڕاڵی مرۆی و کوردیانەو بکردیە جەماوەری کوردستانیان لە لایەنە لاواز و ناکوردیەکانی ئاشنا و جەماوەریان ئامادەی خۆپیشاندان و ڕاپەڕین بکردایە تا دکتاتۆرەکانی کوردستان لە ئاست ویستە تایبەتیەکانیاندا بازی بە چارەنووسی گەلێکەوە نەکەن کە بەمیژووی 84 ساڵی لە تەك کۆلۆنیالیستی عیراقدا بۆ مافەکانی دەجەنگێ . بێهەلۆیستی ئەو بەڕیزانە لەم ساتەدا هاوبەشی جینۆسایدێکی سیاسی ژیانی ئیستای کورد و نەوەکانی داهاتوومان دەکات . هەر لە سەرەتاوە لای هوشیاران ئاشکرابوو کە ئەم کۆمەڵە خەڵکە خاوەنەکەی جەلالە ئەگەر وانیە بۆ بێدەنگ .

*بۆزیاتر لە ڕاستی بۆچوونەکان تکایە بڕوانە ئەم دوو ووتارە کە کاتی خۆی لە سەر بزوتنەوەی ڕیفوراندوم نووسیومە .

- ڕێفراندووم و بازیەکی تری تاڵەبانی
- پاڵەوانە کاریکاتوریەکانی ڕیفراندوم

سان پیترسبۆرگ 01/09/2005
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de